# ڕەشبگیر

شەڕی "موقەدەسات" لەگەڵ هەڵەبجە!

***حەمەغەفور***
*mgafor@yahoo.com*

***ڕەشبگیر***

دوای ئەوەی گەنج و لاوی هەڵەبجە لە16–3ی ئەمساڵدا سەربەرزانە تەسمیمی خۆیان جێبەجێکرد و باڵای مەینەتی شارەکەیان هەڵگرت و لەجێگای مۆنۆمێنتەکە دایاننا. ڕێیاننەدا دەسەڵاتدارانی کوردستان بچنە هەڵەبجە و ئەمساڵیش کەڕنەڤاڵێکی دیکەی تالانفرۆشی دامێنی گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی لەدژی خەڵکی ئەم شار و ناوچەیە بەرپابکرێتەوە، یەکێتی نیشتمانی بەمەبەستی سەرکوتی خەڵکی ئەم شارە، سووتانی مۆنۆمێنتەکەی گرتووە بەدەستەوە و دەیەوێ وەکو "موقەدەساتی" خەڵکی کوردستان بیداتەقەڵەم و شەڕی لەسەر بکات. لەژێرناوی بوونی "دەستێکدا!" دەسەڵاتی سەربازی لە هەڵەبجە ڕاگەیاندووە و ڕەشبگیری خۆپیشاندەران و گەنجانی دەسداوەتێ. هەر ئەمە خۆی بەتەنها تاوانێکی گەورەیە و دەچێتەپاڵ کوشتن و برنیدارکردنی خۆپیشاندەران. تائێستا 40کەس گیراون و لاوانی هەڵەبجە لەترسی ڕەشبگیر خۆیان شاردۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هێزەکانی ئاسایشی یەکیتی تەقەیان لە خەڵک کردووە و 2کوژراو و 11برینداری لێکەوتۆتەوە. جگەلەمەش پۆنگخواردنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی ئەم شارە لەماوەی 15ساڵی دەسەڵاتداریێتی ئەحزابی کوردیدا، بەهۆی پشتگوێخستنیانەوە لەڕووی ئاوەدانکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری قوربانیانی کیمیاباران و نەبوونی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکەوە، گۆشەیەکە لە دەریای تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی سەروخەڵکی و گەندەڵی یەکێتی و پارتیدا.

ڕەشبگیر هەمان سیاسەتی سەرکوتی ڕژێمی بەعسە. هیچ شتێک ڕەوایەتی و شەرعییەت ناداتە ئەم سیاسەتە چەپەڵە. فەرهەنگی سیاسی ناسیونالیزمی کورد هێندە لە سەردەم بەجێماوە، سەرەڕای تەپڵوزەنای هەمەڕۆژەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە بۆ بوونی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان، کەچی خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی نەک هەر تەحەمول ناکەن بەڵکو لەلایان تاوانە و بە داپڵۆسین مامەڵەیدەکەن! لەم کولتورە سیاسیەدا تەقەکردن لە خۆپیشاندانی جەماوەری بەرگرییە لە دیموکراسی، بەڵام خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی جەماوەری مەترسیە بۆ سەر "ئاسایشی نەتەوەیی"! یەکێتی و پارتی چونکە لەبەردەستی سەدام و ڕژێمی بەعس و دەوڵەتانی فاشیستی دەوروبەر کولتوری سیاسیان فۆرمۆڵابووە و گۆشکراون، ناتوانن لێیداببڕێن. بەلای ڕژێمی بەعسیشەوە هەر مەسیرە و خۆپیشاندانێک لەچوارچێوەی سیاسەتی خۆیدا بوایە شۆڕشگێڕانە و "نیشتمانی" بوو، بەپێچەوانەوە ئیتر دەبوو قەتڵیعام بکرانایە! ئەم مامەڵەیەی یەکێتی لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە و خۆپیشاندانی هێمنانەی ئەم شارەدا کردی و دەیکات، جیاوازی چییە لەگەڵ شێوازەکانی بەعس؟ هەموو خەڵکی کوردستان بەگشتی، خەڵکی شاری هەڵەبجەش بەتایبەتی وەکو ڕۆژ لایان ڕوونە کە تاوانباری ئەوەڵ و ئاخر دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش ئەمرۆ لە هەڵەبجە یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتە. ئەم دوو حیزبە مەسئولن لە هەر لایەنێکی ناخۆشی ڕووداوی هەڵەبجە. ئەگەر دادگا مانایەکی هەبێ و بۆنی هەقی پێوەبێت، دەبێ لێپێچینەوە لەگەڵ سەرانی ئەم دوو حیزبە و لێپرسراوانی محەللیان لە ناوچەی هەڵەبجەدا بکات. دەبێ ئەو کەسانە ببرێنە بەردەم دادگا کە 15ساڵە هەڵەبجە

هەڕاجدەکەن و فرمێسکی درۆیینەش بۆ قوربانیانی هەڵدەڕێژن، ئەوانە کە تەقەیانکردووە لە خۆپیشاندەران. لەمە بەولاوە پڕوپووچی بەباکردنی نەغمەی نەشازی بەرقەراریی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان، هەر ئەوەکەی بەعسە بە ڕتوشێکی کوردیەوە! خەڵکیش ئەم دەستەی خوێندۆتەوە و بۆیەش ئەحزابی کوردی هێچ ڕێگا و شێوازێکی تریان بەدەستەوە نەماوە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی گەندڵیان جگە لە سەرکوت و ڕەشبگیر و تۆقاندن. پەنابردن بۆ ئەم سیاسەتە بەمانای بنبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی بزووتنەوی کوردایەتییە. دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەم سیاسەتە خۆی لە خۆیدا ڕەوینەوەی وەهمە بە کوردایەتی و وەرچەرخانی جەماوەرە، مامەڵە لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجە پانتاییەکی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتییە کە دەتوانێ هاوکێشەکان سەرەوبنبکاتەوە!

***شەڕی موقەدەسات***
***لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە***

ئەمساڵ لە لووتکەی ڕەونەقی بزووتنەوەی جەهلی ئیسلامیدا، کە لە سایەی سیاسەتی "جەنگ دژی تیرۆر" لەلایەن ئەمریکاوە پێیانبڕا، لە عێراق ئیسلامی سیاسی بووە هێزی یەکەم و عێراقی هاویشتۆتە ناو جەنگی ناوخۆوە. بزووتنەوەی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستیندا براوەبوون. ئیخوانموسلمین لە میسر چەند بازێک پێشکەوت و جمهوری ئیسلامی خەریکە لەم فەزایەدا خۆی لەدەستی تووڕەیی جەماوەریی لە ئێراندا ڕاپسکێنێ. لەم ساتەدا بڵاوبوونەوەی چەند کاریکاتێری محمدی پێغەمبەری ئیسلام لە ڕۆژنامەیەکی دانمارکیدا، فرسەتی دایە ئیسلامی سیاسی وەکو هێزێکی تاریکپەرست لە پشتی موقەدەساتی ئیسلامییەوە دەستبداتە گەورەترین هێرش و پەلامار بۆ سەر ئازادی دەربڕینی بیروڕا و دەسکەوتە ئینسانییەکان لەسەر ئاستی دنیادا. ئینسان و حورمەت و ماف و دەسکەوتە ئینسانییەکانیان خستە ژێرپێی موقەدەساتی دینییانەوە. جیهانیان لە چڵکاوی دینی هەڵژەند. یەکێتی و پارتیش چ خۆیان و چ پەرلەمانەکانیان، بە تاک تاک و بە جووتیش، پەیوەستبوون بەم حەرەکەتە کۆنەپەرستەوە. ئیسلامیەکان کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەییان کردە بەهانەی دەستیان لە کورستان بۆ هەڵتۆقینەوە و پژاندنەوەی ژاراوی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەسەروچاوی خەڵکیدا. تورەهاتی موقەدەساتی دینییان هێنایەبەرەوە و ئەوانیش پشتگیریانکردن. ئەوەتا ئێستا خۆشیان، یەکێتی و پارتی بەکامی دڵ مرادیان حاسڵبووە. هەروەکو هاوپەیمانە ئیسلامییەکانیان شەڕی موقەدەسات لەگەڵ خەڵک دەکەن. ئەوسا بۆیە چوونە پشتی مەسەلەی موقەدەساتی دینییەوە، هەتا لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا خۆشیان وەرەقەی موقەدەسات ڕاکێشن. سەیر و سەمەرەیی ئەم سیاسەتەی یەکێتی و ئەحزابی کوردی بۆ نیشاندانی مۆنۆمێنتەکە بە "موقەدەسی خەڵکی کوردستان" لەوەدایە کە خەڵکی هەڵەبجە خۆیان ئەو شتەیان نەویستوە و سووتاندوویانە. ئەمان بەزۆر دەیکەن بە موقەدەسی خەڵکی. مەنتیقی ژیان، چەمکی مەعریفە، مەنتیقی مۆدێرن و سەردەم، مەنتیقی عەقلانی کۆمەڵگا ئینسان و خواست و مافەکانیان بە پیرۆزترین چەمک و بنەمای یاساکانی ژیان و مەعریفە دادەنێن. کەچی یەکێتی و پارتی خەڵک بە بێعەقڵ و تەنانەت تاوانباریش دادەنێن، گوایا ڕێزی "موقەدەسی" خۆیانیان نەگرتووە! لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو دنیا شاهیدی باڵا و قیافەی خەم و مەینەتییەکانی خەڵکی هەڵەبجەن و بە ڕەمزی لەخاچدانی هەر موقەدەسێکی ئینسانیان داناوە، بەڵام 15ساڵە یەکێتی و پارتی بازرگانی بەسەرەوە دەکەن، هەڵەبجە و خەڵکەکەشیان مەحکومکردووە بە تلانەوە لەناو مەینەتئاوای ژایانیاندا. یەکێتی دەیەوێ مۆنۆمێنتەکە بە موقەدەس بداتەقەڵەم، هەتا سیاسەتی سەرکوتی ناڕەزایەتی خەڵکی هەڵەبجە وەکو تەنبیهێکیش بۆ تەواوی خەڵکی کورستان شەرعییەتپێبدات. بنبەستێک کە یەکێتی و پارتی بەهۆی بێزاری و نەفرەتی قووڵی جەماوەرییەوە بەرەوڕووبوونەتەوە، بەداتاشینی "موقەدەسات" و شەڕکردن لەسەری

قەرەبووناکرێتەوە. تەنها ڕێگا ڕێزدانانیانە بۆ خواست و ئیرادەی خەڵک و جەماوەر، نەک سەرکوت. ئەم حیزبانە دەیانەوێ لەجیاتی خەڵکیش بیربکەنەوە! خەڵکی هەڵەبجە لە هەر کەسێک باشتر دەزانێ کامەیە هەق و موقەدەساتەکانی. بە ڕەتکردنەوەی ڕۆتینی سازکردنی ڤیستیڤاڵی یادی هەڵەبجە ئەمساڵ، شاری هەڵەبجە و خەڵکەکەی خۆیان و مافەکانیان لە هەر موقەدەسێکی داتاشراو بۆیان بەپیرۆزتر و بەرزتر دانا. هەق وایە یەکێتی و پارتی دوای کارەساتی 16–3ی ئەمساڵ واز لە خەڵک و شاری هەڵەبجە بهێنن و خۆیان لەمە زیاتر نەکەنە نیشانەی ڕق و نەفرەتی خەڵکی کوردستان و داواکانیان جێبەجێبکەن. یەکەم سەرکوت و ڕەشبگیر وازلێبهێنن لە هەڵەبجە و حوکمی عورفی ڕاگرن، تاوانبارانی ئاسایش بدەنە دادگای ئاشکرا، بەخۆشیاندابچنەوە. چونکە خەڵک تەجروبەی 15ساڵی ڕابردوویان وەکو بەڵگەی دادگاییکردنی ئەم حیزبانە جێگیرکردووە و حوکمی خۆیانداوە. دووەم مەسەلەی مۆنۆمێنتەکەش بەڕای من دەکرێ بەشێوەیەکی تر چارەسەربکرێت. لەو جۆرە مۆنۆمێنتانە، دانەیەک لە قەڵاچوالان و دانەیەکیش لە مەسیف سەلاحەدین درووستکەن خۆ پارەوپوولی مفتە زۆرە! با چیتر هەڵەبجە و خەڵکیش لە لێشاوی درۆ و بەڵێن و قسەی بریقەدار ڕزگاریانببێت!

2006–3–24